# تێرۆری گیان و ئەندێشە

حەسەن ئەیوبزادە

توێژینەوەی لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەو خوێندکارێک لە زانکۆی کۆیە( بەشی پەروەردە) لەسەر دەوری دوکتور قاسملو لە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی شاری کۆیە لە ساڵی 2006 نامیلکەیەکی لەژێر ناوی:
" عەبدوررەحمان قاسملوو، ژیان و رۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی رزگارییخوازیی کور"د بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر، عەبدوڵلا محەممەد عەلی عەلیاوەیی و هاوکارانی :
1- د. کەماڵ عەلی
2- د. دلێر ئەحمەد
3- مامۆستا یاسین سەردەشتی
بە دەرەجەی "زۆرباش" لە 2006/8/5 قبووڵ کرد.
خوێندکارێک بە ناوی هۆشمەند عەلی شێخانی ئەو نامیلکەیەی بۆ تێزی لیسانسەکەی بەو بەشەی زانکۆ دابوو.
ئەو نامیلکەیە بە شێوەی PDF لە سایتی پەرتوک، لە بەشی لێکۆلینەوەدا خراوەتە بەردەستی خوێنەری کورد.

خوێندکاری ناوبراو لە سەرەتای ئەو نامیلکەیەدا دەنووسێ:
" سوپاس بۆ بەرێز *عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حدک*، *لە پێدانی سەرچاوە و وڵامدانەوەی پرسیارەکانم و رێنیشاندانم، لەهەمان کاتدا لە راستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی و رێنووسی تێزەکەم درێغی نەکرد*."

هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی ئەو بابەتەی سەرەوە ئەگەر مۆری پاڵپشتیکردنی مامۆستایانی خاوەن پلەی زانستیی کۆیەی بە داوێنەوە نەبوایە و سەرپەرشتییو خەتدان ورێنوێنیی فکرو ئەزموونی سیاسیی مامۆستا حەسەنزادە ، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە پشت نەبووایە، کارێکی نەپێویست بوو.
بە ئاواتەوە بووم، توێژینەوەیەکی هەموو لایەنەی، بۆچوون، هێڵی فکریی، ئامانج،جیهانبینیی و سەربهۆردی خوێناویی دوکتور قاسملوو لەروانگەی کەسێکەوە بخوێنمەوە کە لە رەوتی رووداوەکانی نێوخۆیی حدکادا دەورێکی سەرەکیی هەبووبێ و لە وردەکاریی و رواڵەتی شاراوەی پیلانێک کە کۆتایی بە ژیانی ئەو سیاسەتڤانە هێنا زیاتر لەوەی کە تائێستا بڵاوکراوەتەوە بدوێ. پێموابوو ئەو کۆڕە زانستییەی زانکۆی کۆیە و سکرتێری پێشووی حدکا، ئەوکارە گرنگەیان بە ئەنجام گەیاندووە.

مخابن لە خوێندنەوەی  ئەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوت، ئەو نووسراوەیە  فڕی بە کاری زانستییەوە نییە.
ئەولێکۆڵینەوەیە بە مەبەستێکی سیاسیی لایەنگرانە لە کۆماری ئیسلامیی و بەرئاوەژوونیشاندانی بیرو بۆچوون و خەتی سیاسیی دوکتور قاسملوو رێکخراوە.
ئەو بابەتە بە وتەی بێخەوشی خوێندکار هۆشمەندعەلی ، بەرهەمی ئیبتیکاری سیاسیی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.
ناوبراو لە ئامادەکردنی سەرجەمی بابەتەکەدا بەشدارو رێنوێن بووە، سەرچاوەکانی دیاری کردوە، ، مەبەستە سیاسییەکانی "خۆی" لە زمانی خوێندکارەکەوە دەربڕیوە و هەڵەی زمانەڤانیی و رێنووسیی بۆ راست کردووەتەوە. لەم رووەوە، ناکرێ ئەو لێکۆڵینەوەیە  بە کاری تایبەتیی خوێندکار هۆشمەند بزانرێ. مامۆستاکانی بەرپرس و سەرپەرشتیاریش بە گوێرەی دەقی  فاکتەکان گۆترەیی و بێ زانیاریی تەواو  بڕیاریان لەسەرداوە. لەو  رووەوە خوێندکار، هۆشمەند عەلی شێخانی، بەرپرسێ ناوەرۆک و هەڵە و ناراستییەکانی ئەو کارە سەقەتە نییە.
بۆ چەواشەکردنی خوێنەر نووسەر وانیشاندەدا کە بۆ دوکتور قاسملوو بەپەرۆشە. بەڵام لە پشتی ئەو پێداهەڵگوتنە دا، دژایەتی کردنێکی نارەوا  بۆ خەوشدار کردنی کەسایەتی سیاسیی دوکتور قاسملوو  بە روونی دەبیندرێ.
نووسەری ئەم بابەتە، داواکارە، دوای خوێندنەوەی سەرجەمی رەخنە کە چوار مامۆستای کۆلێژی پەروەردەی بەشی مێژوو کە بابەتەکەیان بەرواڵەت هەڵسەنگاندووە، بە پێی بەڵگە و فاکتەکان بە نامیلکەکەی  مامۆستا حەسەنزادە و خوێندکارەکە دا بچنەوە. ئەگەر پێیانوابێ لە باسەکەدا ناراستییان لەگەڵ کراوە یان کەترەخەمیی و گۆترەکاریی خۆیان هۆکاری ئەو رووداوە بووە، سووکەڵە  رەخنەیەک دەرببڕن. ئەگەر بەڵگەیەکیان جیا لەوەی لەو نووسراوەیەدا ئاماژەی پێکراوە، لەبەردەستدا هەبێ کە ئیددیعای نووسەری نامیلکە دژ بە دوکتور قاسملوو بسەلمێنێ، بڵاوی بکەنەوە. ئەگەر بڕیار ئەوە بێ و بێژن:  باسەکە کۆتایی پێهاتووە.  ئەوە هیچمان لە هیچ. با مێژوو داوەریی خۆی بکا...
لەم یادداشتەدا هەوڵ دەدرێ ئاماژەبەو فاکت و بەڵگانەبکرێن کە ناراست و ساختەن. بۆ وێنە، ئەو ئیددیعا ناراستەی مامۆستا حەسەنزادە و خوێندکارەکە گوایە:
*" قاسملوو باوەری بەوە هێنابوو کە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگەی چەکدارییەوە تازە سەرناکەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو بەهەرشێوەیەک بێت بچێتەوە نێو ئێران و کاری سیاسیی خۆی درێژە پێبدات* "بڕوانە :
*1*- لاپەڕەی 184  نامیلکەکەی هۆشمەند و سکرتێری پێشووی حدکا.
2-  وتوێژی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لەگەڵ عیرفان قانعی فەرد. *ئەو بەشە هەڵدەگرێ وردتر باسی بکرێ.*
سێ لاپەرەی 96-95-94 کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران ، بە قەڵەمی دوکتور پیتر پیلچ کە نووسەری ئەم وتارە کردوویە بە کوردیی و دووجار لە کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کراوە بە سەرچاوەی  ئیددیعاکەی مامۆستا حەسەنزادە.

دەقی وەرگێڕدراوی وتەکانی پێتێر پیلچ، ئەوە نییە کە مامۆستا و خوێندکارەکە نووسیویانە.
وێنەی نووسراوەکەی پێتر پیلچ لە لاپەڕەکانی ژێرەوەدا بخوێنەوە:

کرد. شاری لێواری سنووری ئێران پڕ بوو لە پەنابەران و پاسدارانی ئێران. فڕۆکەکانی عێراق تەواوی پێش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شەپۆل شەپۆل بەناپالم و فۆسفۆری سپی ئەو شارەیان کوتا. پاش ئەوەی خەڵک لەژێر زەوین و پەناگەکاندا خۆیان حەشار دا، هێرشی کیمیایی دەستی پێکرد. هەزاران کەس لەو ژێر زەوینانەدا بەخۆڕایی هەوڵیان دەدا، بەپەڕۆی تەڕی بەر لوتیان خۆیان بپارێزن یان بەئاکرکردنەوە ئەو گازە بڕەوێن. ترومبێلەکان لە شەقامەکاندا بەشۆفێرە مردووەکانیانەوە لە هاتوچۆ کەوتبوون. لەو بەینەدا شەقامەکان پڕبوون لەوانەی کە لە حاڵی مەرگدا بوون. تەنیا لە شاری هەڵەبجە بەینی ٤٠٠٠–٧٠٠٠ کەس بەگازی کیمیایی کوژرابوون.

پاش کارەساتی هەڵەبجە سەرەنجام بۆ هێندێک لە ڕێبەرانی کورد دەرکەوت کە چ چاوەڕوانییەکیان لە سەدام هەبێ. وەزعەکە زۆر مەترسیدارتر دەبێ، سەدام دێ و قڕمان دەکا. ئێمە بۆ ئەو جڕوجانەوەرین[٧٥].

چەند مانگ دواتر تاڵەبانی دوو ڕێگەی بەدی کرد. دووپات کردنەوەی ١٩٧٥ و بەربەستکردنی کارەساتی هەڵەبجەیەکی دیکە. کوردان یەک ڕێگەیان وەبەر چاو کەوت یان لەگەڵ سەدام ڕێک کەون -یان ڕێککەوتنێک لە نێوان ڕژێمی تاران و کوردەکانی ئێران. تاڵەبانی پاش بەکارهێنانی گازی کیمیایی هەڵەبجە و کۆمەڵ کوژی ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ ڕێککەوتن لەکەڵ حزبی بەعسی حاکم بەسەر عێراقدا بەدی نەدەکرد. بەپێچەوانەی عێراق، ڕژێمی ئێران ئامادەی سازان بوو. ئێران بەهۆی شەڕی کەنداوەوە لاواز و بەهۆی پشێویی سیاسیی نێوخۆیی داماو ببوو. ڕەفسەنجانی کە دواتر بوو بەسەرۆک کۆمار، هەوڵی دا لەگەڵ دژبەرەکانی ڕێک بکەوێ.

تاڵەبانی ڕەفسەنجانی هان دا کە لەگەڵ کوردی ئێران ڕێک بکەوێ. تاڵەبانی پێشنیاری کرد لەگەڵ عەبدوڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژ بکرێ. ڕەفسەنجانی پێخۆشحاڵی نیشان دا.

تاڵەبانی ئەو هەلەی قۆزتەوە و قاسملووی ئامۆژگاری کرد کە لەگەڵ تاران بکەوێتە وتووێژەوە. قاسملوو بەساڵان لە ڕێکەیەک دەکەڕا کە شەڕی نێوخۆیی لە کوردستانی ئێران کۆتایی پێ بهێنێ. پێشمەرگەکانی ح.د.ک. لە کاتی شەڕی کەنداودا هەوڵیان دا بەشێک لە وڵات بەهێزی نیزامی ڕزگار بکەن. قاسملوو لە دیسامبری ١٩٨٤ سەرجەمی ئامارێکی تاقەت هەڵنەگری دەرکێشا، ٤٥٠٠٠ کورد لە ساڵی ١٩٧٩ وە کوژرابوون. دە هەزار نەفەر لە پارتیزانەکانی ناچارکرابوون تاکتیکیان لە شەڕدا بگۆڕن. ئەمڕۆ پارتیزانەکان لە شەڕێکی چریکی دا بوون. بەردەوام خەڵکی ئاسایی دەبوونە نیشانە و هێرشی ئێرانییەکان. ژمارەی کوژراوەکانی خەڵکی ئاسایی هەشت هێندەی چەکدارەکان بوون.(٧٧)

قاسملوو و حزبەکەی لە ساڵی ١٩٨٤ەوە کەئاکامەکانیان دەرکێشا بوو و لەکەڵ ئێران وتووێژیان قبووڵ کردبوو. سەرۆکی کوردەکانی ئێران بۆ حاڵەت و وەزعێکی لاواز وشەی قەڵە و بەهێزی هەڵبژاردبوو و دەیگوت وتووێژ بۆ ئێمەش شێوەیەک خەباتە بەڵام وتووێژەکان بێ ئاکام مانەوە.

لە مانگی مارسی ١٩٨٨دا قاسملوو بۆمبابارانی کیمیایی هەڵەبجەی لە لایەن هێزی هەوایی عێراقەوە مەحکووم کردبوو. پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق کتوپڕ و بەلەز خراپ ببوون. کوردەکانی ئێران لەوە دەترسان بکەونە نێو گازی عێراق و ئێرانەوە. قاسملوو بڕیاری دا کە بەپشتیوانی تاڵەبانی لەگەڵ ئێران بکەوێتە وتووێژەوە.

لە بیستی ئوگوستی ١٩٨٨ ئێران چاری نەما لەوە زیاتر کە قەراردادی ئاگربەس واژۆ بکات. خومەینی بۆ لایەنگرانی خۆی ڕایگەیاند کە ئەو ناچارە دەفری ژەهر بەسەرەوە نێ. پێنج ڕۆژ پاش، سەدام حوسێن دەستووری دا کە هێرشێکی گەورەی گازی ژاراوی بکرێتە سەرکوردان.

ئاگر بەس کۆتایی بەهەموو هیوای کورد هێنا بوو. شەڕ نەیتوانیبوو ڕژێمی

ناوەندیی فارس یان عەرەب بەشێوەیەکی یەکجارەکی لاواز بکات. شەڕی نێوان ئێران و عێراق بۆی هەبوو هەموو کاتێ قەراردادێکی بەدژی کوردانی هەر دوو وڵات بەدواوە بێ. تاڵەبانی و قاسملوو دەیانزانی کە دەبێ وەدووی وتووێژ بکەون. بۆ کوردەکانی تاڵەبانی وتووێژ لەگەڵ سەدام حوسێن کە بەگازی کیمیایی هەڵی کوتابووە سەریان بۆ بیر لێکردنەوە نەدەبوو. تەنیا عەبدوڕەحمانی قاسملوو هاوتایەکی بۆ وتووێژ هەبوو: ئەویش ئایەتوڵڵا خومەینی بوو.

تاڵەبانی پێوەندییەکەی دامەزراند. یەکەم چاوپێکەوتن لە ڤیەن داندرا. عەبدوڕەحمان قاسملوو ئامادە بوو خۆی لەو مەترسییە باوێ.

بڵاوبوونەوەی بەشێک لە نهێنییەکانی پشتی پەردەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن، هەروەها تێرۆری دوکتور شەرەفکەندیی، سکرتێری حدکا لە شاری برلین کە بە روداوی میکۆنۆس ناودێرە، دەوری کارگێڕانی پشتی پەردەی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاشکرا کرد. هەوڵ بۆخەوشدارکردنی کەسایەتی سیاسیی د.قاسملووو دەربازکردنی سەرانی رژیم لە تاوانی تێڕۆڕ – ئێعدامی دوکتۆرقاسملوو و عەبدوڵلا قادریی لە بەرنامەی کاری کارگێڕانی کۆماری ئیسلامیی وەلا نەنراوە. ئەو بەناو لێکۆڵینەوەیەش مخابن کارێکە لە ئیدامەی ئە هەولانە.

19 ساڵ بێدەنگیی، ژیان و بەسەرهاتی د. قاسملوو

زانیاریی لەسەر کەسایەتیی سیاسیی د. قاسملوو، زانست و بۆچوونە سیاسییەکانی، بە زمانی ئاڵمانیی، فەرەنسیی و ئینگلیزیی زۆرە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوە کە دەرفەت و ئیمکانی وەرگێرانی ئەو زانیارییانەی هەبۆوە، هەوڵێکی بۆ نەداوە. لەو نامیلکەیەی مامۆستا حەسەنزادەدا، سەرەرای هەبوونی ئارشێوێکی دەوڵەمەندی ژیانی سیاسیی ، هەلوێست و بریار و جیهانی رەمزو رازی دوکتورقاسملوو، بەشێک وتەی تێکەڵپێکەڵیان بڵاوە کردوونەوە کە بەرهەمی خەیاڵی شەپرێون، پاژێک واقعییەتێکی ناتەواو و سەقەتن، هێندێک لە نەبوو دروستکراون و تیپێکیش هی کەسانێک بوون کە بێبەڵگە دواون یان بۆ زەقکردنەوەی ناویان لەو باسە وەردراون.
مامۆستا حەسەنزادە کە دەوری رێنوێن و توێژەرەڤانی وەئەستۆگرتووە، پسپۆری کارێکی ئەو تۆ نەبووە. زمانێکی بیانی نەزانیوە تا بتوانێ راستەو خۆ لە پەروەندەی جینایەتی تێرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئاگاداربێ. رێگەشی نەداوە کەسێکی دیکە پەروەندەکە بخوێنێتەوە وسەرجەمی ئەو رووداوە بە کوردیی وەرگێرێ. مەبەستی سەرەکی مامۆستا حەسەنزادە بۆ نووسینی ئەو نامیلکەیە، شێواندنی واقعییەتی تێرۆری دوکتورقاسملوو بووە.

کەس بەتەواویی نازانێ ئەو تێرۆرە چۆن ڕێکخراو و دەوری ئەوکەسانەی کە شاراوەن لەو ڕووداوەدا چیبووە؟
لەمەر هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانی ڕژیمی تێرۆر بۆ لەداوخستنی دوکتور قاسملوو، هەرکەس بە شێوەیەک دەدوێ. زانیاریی بڵاوکراوەکان لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و مامۆستا حەسەنزادەوە کە دەساڵ سکرتێری خاوەن بڕیار و بەرپرسی ڕادانی حیزب لە قەندیلەوە بەرەو کۆیە و ئاشبەتاڵی حدکا لە 1996/8/4 بووە، تیکەڵ و پێکەڵ و بەشێکیان لە بنەرەتەوە ساختە و ناراستن. وێرای ئەوە، لەماوەی چەند ساڵی یەکەمی ڕێبەرایەتییەکەی و لەژێرسێبەری بریار و مشووری ئەودا ژمارەیەکی چەندسەت کەسیی لە کادرو پێشمەرگەی ئەوحیزبە تێرۆرکران، هیچ کاردانەوەیەکی قانوونیی و لایەنگرانە لەمافیان نەکرا. چاوەڕوانیی ناکرێ کە واقعییەتی شاراوەی ئەو هەموو جینایەتە و یەک لەوان پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو عەبدوڵلا قادری ئەو جۆرەی کە بووە بخرێتەروو. هۆیەکەشی ئاشکرایە.
ڕێبەرایەتی حدکا لەو قەوەزە خۆکردەدا ئەو دەرفەتە زێڕینەی بۆ جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیی رەخساند کە هێزی بەربەرەکانی کورد تێک بشکێنێ. ئەو حیزبە بە ویستی ڕێبەرایەتییەکەی کرا بە بەشێک لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە بە وتەی سەرۆکی ئەو حیزبە دۆستی ستراتێژیکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.
لەماوەی نزیک بە16 ساڵی رابردوودا ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرشتیی مامۆستا حەسەنزادە کە نزیک بە سەرجەمی تێرۆرکراوەکان لەکاتی دەمڕاستیی ئەودا کوژران، نەیوێرا باس لە تێرۆری سەتان کادرو پێشمەرگەی حیزب تێرۆرکراوی حیزب بکا و سازمانە نێونەتەوەیییەکان لەو جینایەتانە ئاگادار بکا. فەرامۆشکردنی جینایەتی تێرۆری دوکتور قاسملوو، بەدوادانەچوونی پەروەندەکەی و کردنەوەی لە دادگەیەکی نێونەتەوەییدا تەنیا هۆیەکیهەیە و ئەویش ترسی ڕێبەرایەتی حدکا لە هەرەشەی کۆماری ئیسلامیی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. لە ڕەوتی دادگایی کردنی توانبارانی جینایەتی میکۆنۆسدا کۆماری ئیسلامیی بە ڕەسمیی و لەڕێگەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، هەرەشەی کردبوو کە ئەگەر حدکا و بنەماڵەی کوژراوەکان سکالاکانیان وەرنەگرنەوە تەفروتونایان دەکا. ئەو پەیامەش لەکاتیخۆیدا بە دادستانیی ئاڵمان ڕاگەیاندرابوو و لەپەروەندەی تێرۆری د.شرەفکەندیی دا ڕاگیراوە. بڕوانە دەقی نووسراوەکەی : " هنوز در برلن قاضی هست." ل. 202 :
دەوڵەتی ئێران بۆ تێکدانی کاری دادگا لە ڕێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەگەل حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندیی گرت و بۆ چەتخستنەنێو کاری دادگا ئەم پێشنیارەی بە حزب کردوحیزبیش بەرەسمیی لەڕێگای ئێریکەوە بەدادگای راگەیاند.
"23دێسامبری 1996 لە لایەن دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. پاریس... بۆئاگاداریتان ، لەرۆژی 1.12.1996 مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ دەفتەری سیاسیی حیزبیدێموکراتی کوردستانی ئێران... ڕاسپاردەیەکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە دەفتەری سیاسیی ... ڕاگەیاند:

"ئەگەر حیزبی دێموکرات و لە ڕێگەی ئەو حیزبەوە بنەماڵەی قوربانییەکانی ڕێستۆرانی میکۆنۆس لە مافی خۆیان لە دادگای بێرلین چاوپۆشیی نەکەن، کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی توانای خۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەو حیزبە. ئەگەریش لە مافی خۆی چاوپۆشیی بکا، کۆماری ئیسلامیی ئامادەیە تاقمێک لە زیندانییە سیاسییەکانی ئازاد بکا. دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات. ئیمزا

پێڕاگەیشتنی دەزگای دادوەریی ئاڵمان بۆ لێکۆڵینەوەی تیرۆری میکونوس نزیک بە چوارساڵی خایاند و دەوڵەتی ئاڵمان زیاتر لە دەملیۆندۆلاری بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییە بەوێنەیە خەرج کرد. جیا لە کاک عەبدوڵلا عیززەت پورکە بە ناوی شایەت بانگکرا بۆ یەک ڕۆژ ئەندام یان نوێنەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو داموودەزگایەدا بەشداریی نەکرد. حدکا خۆی لێ بەخاوەننەکرد. خۆپیشاندانێکی وەڕێنەخست. هەوڵی نەدا کەسێک لە بنەماڵەی کاک هومایون ئەردەڵان بۆ سکاڵاکردن بە دادگا بناسێنێ. وادیارە حیزب پارەی نەبووە. بە وتەی مامۆستا حەسەنزادە بە هۆی نەبوونی پارە پەروەندەی جینایەتی ڤییەن وەژێر بەڕەخرا. وتارێکیان بڵاو نەکردەوە. کۆبوونەوەیەکیان نەگرت. هەموو ئەو خۆپارێزیی و بێ مەسئولییەتییە بۆ نەرەنجاندنی ینک و ترس لە کۆماری ئیسلامیی بوو. ئاوادەبێ ڕێبەر و ڕێبەرایەتی بەرپرس!!

کۆکردنەوەی بەڵگە و شایەت بۆمەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامیی و ریسواکردنی لە هەموو جیهاندا، ئاکامی تێکۆشانی تاکەکەسییە ناوادەکان و سازمانە سیاسییە ئێرانییەکان بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەورێکی لەو خەباتە نەدا نەبوو. زانیارییەک کە لەسەر تێرۆری د.شەرەفکەندیی کەوتە بەردەستی خەلک، ئاکام و بەرهەمی سێ ساڵ و نیو کاری بەردەوامی سێ کەس لە ئازادیخوازانی ئیرانیی بە ناوی، مهران پاینده، عباس خداقلی و حمید نوذری بوو کە بە نۆبە، ژیانی خۆیان بۆ نوسین، وەرگێران، کۆکردنەوەی زانیاریی ، یارمەتیدان بۆچاپوبڵاوکردنەوەی سەرجەمی بەڵگەکانی دادگا کە دواتر خرانە بەر بیرورای گشتیی تەرخان کرد و بەرهەمی کارەکە گرنگەیان لە کتێبی هنوز در برلن قاضی هست" دا کۆکردەوە. سوپاس و پێزانین و ئاواتی جوان بۆ ئەو بەرێزانە.

سەرچاوەی زانیارییەکان لەو نامیلکەیەی مامۆستا حەسەنزادە و خوێندکارەکەدا جێی متمانەنین. ئەندامانی ڕێبەرایەتی حدکا (هەردوولا) لە واقعییەتی ڕوودای تێرۆر ئاگاداریی‌یەکی کەم، ناتەواو و تێکەڵ پێکەڵیان هەیە.

کەترەخەمیی مامۆستاکانی زانکۆی کۆیەش لە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکە ی مامۆستا حەسەنزادەدا بەرچاوە. با چاوێک بە بەشێک لەو زانیاریە تەژی لە هەڵەو پەڵەو نەزانییە دا بخشێنین کە لە ژێر ڕێنوێنی مامۆستا حەسەنزادەدا پێشکەش بە کۆڕی لێکۆڵینەوەی مامۆستاکانی زانکۆ کراوە و ئەوانیشدەرەجەی زۆرباش وەباڵیان بۆکێشاوە و بە دەرەجەی زۆرباش لە قەڵەمیان داوە. خوێندکار هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی لە لاپەڕەی 72 لە قەولی دوکتور قاسملووەوە ئەم بابەتەی بەم چەشنەی ژێرەوە لەژێر کۆنترۆلی مامۆستا حەسەنزادەدا و لە قەولی دوکتورقاسملووەوە رونووس-کردووە:

"... دوکتور قاسملوو بۆخۆی پێمان دەڵێ": زۆر حەز لەو هۆنراوانە دەکەم کە لەکوردستاندا دەیهۆننەوە. بە تایبەتیش حەز لە هۆنراوەی شاعیرە کلاسیکییەکانی؟ وەک حافیز، سەعدی ، خەیام، بابا تاهیر ئوریان و فیردەوس دەکەم، هەروەها زۆر حەز لە شێعرەکانی شاعیرە نوێخوازەکان دەکەم بە تایبەتی شێعرەکانی گۆران کە شاعیری سەدەی بیستە، جگە لەمەش حەز لە شێعرەکانی ئەحمەدی خانی دەکەم کە شاعیرێکی کلاسیکە. لە شاعیرە نوێیەکانیش حەز لەشێعرەکانی نادری نادرپور و ئەحمەدە شەماڵ دەکەم. لە خوێندنەوەشدا حەز لە کارەکانی (پارڤین ئیتاساسامی) دەکەم، چونکە هەست دەکەم زۆر لە ناخی منەوە نزیکە."

دوکتور قاسملووو وتەی ئاوا سەیرو سەمەرە؟!

ناوی ئەو شاعیرانە بۆ هەرمندالێکی کورد لە رۆژهەڵات کە چەند ساڵێک چووبێتە قوتابخانە ئاشنایە.

" بابا طاهر عریان" شاعیرێکی لەکە و نزیک بە هەزارساڵ لەمەوبەر لە هەمەدان ژیاوە.

"فردوسی توسی(طوسی)" خەلکی نیشابوور و لە دەرباری سولتان مەحموود غەزنەویدا بووە و کتێبە بەناووبانگەکەشی شانامەیە.

"احمد شاملو" شاعیرێکی بەناوودەنگی فارسی زمانی ئەم سەردەمە" یە کە 8 ساڵ لەمەو بەر مرد. هەروەها

"پروین اعتصامی" خەلکی تەورێز و هاوژینەکەی ماوەیەک سەرۆک پۆلیسی شاری کرماشان بووە، گوایە ئامۆزازا بوون.

مامۆستا حەسەنزادەی رێنوێنیدەر و هەڵەگر سەرای ئەوە کە خۆی بە" سیاسەتمەداری رۆژهەڵات"پێناسە دەکا و دەبێ شارەزایی لە فەرهەنگ و زانستی گشتیی رۆژهەڵات بێ،-بروانە دیمانە لەگەڵ فەرەیدون بێوار- لەگەڵ خوێندکاری پایانامەنووس، پێیان وابووە، ئەو کەسانەی ناویان بردوون لە شاعیرە بەناوبانگەکانی کوردن!! مامۆستاکانی زانکۆش ئەم نامیلکەیەیان هەر نەخوێندوەتەوە و گۆترەیی دەرەجەی زۆر باشیان پێشکەش کردوون. کەسێکی مامۆستای زانکۆ بێ هاتوچۆی بۆ کتێبخانە و باس کردن لە بەرهەمی فکریی نووسەر، شاعیر، سیاسەتڤان و ئەدیب ... کاری رۆژانەی بێ، لانیکەم، ناوی " حافظ ، باباطاهر، سعدی و " احمد شاملو" ی بیستووە. بەتایبەتی ئەو بەشەی باشووری کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی ینکدایە، کراوە بە کۆلۆنییەکی ژێر حاکمیەتی ئاخوندیی و زمانە "فاریسییە قەشەنگەکە" لەو بەشەدا و لە نێو ئەوانەدا کە سەفەرێکی "ئێرانە حەیاتەکەیان" کردبێ لە کوردیی باوترە. ئەگەر مامۆستایان ئیددیعا بکەن ئەم بابەتەیان خوێندووەتەوە، دەتوانن بێژن کە احمد شاملو چ پێوەندییەکی بە "*ئەحمەدە شەماڵ*"ە وە هەیە؟ بۆچی عریان کراوە بە *ئوریان* و پروین اعتصامی کراوە بە" *پارڤین ئیتاساسامی*" و فردوسی کراوە بە *فردوس*. حافظ(حافز) کراوە بە *حافیز* و بە دەرەجەی "زۆرباش" سەریان بۆ ئەو هەموو هەڵەیە لەقاندووە؟

مامۆستاکانی بەرپرس ئەگەر بڵێن نامیلکەکەیان نەخوێندووەتەوە و گۆترەیی بڕیاریان لەسەرداوە، راستەو خۆ خۆیان کردووەتە بەرپرسیی ئەو بوختان و ناراستیی و هەڵانە کە لەو نامیلکەیەدا بە دژی دوکتور قاسملوو و بەناوی زانکۆی کۆیەوە بڵاو کراونەوە.

سەرچاوە و بنەمای لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا حەسەنزادە و خوێندکارەکە

ژمارەیەک سەرچاوە ، لە داوێنی هەرنیوە لاپەڕەیەکی ئەو توێژینەوەیەدا بە شێوەی سەردەمی کۆن و لە چەشنی پەراوێزی کتێبی پەڕ زەرد نووسراون. ژمارەی "سەرچاوەکان" زیاتر لە دێرەکانی دەقەکەن. بۆ ئەوە نەزانرێ ئەو سەرچاوانە باس لە چی دەکەن، هەوڵ دراوە، تەنیا ناوی نووسەر بە کوردیی بنووسرێ بێ ئەوە ناوی کتێبەکە و ساڵی چاپکردن و چاپخانەکەی دیاریکرابێ. بۆ نموونە نووسراوە : پیتر پیلچ ل. 95
چەند کەسێک کە لەو نامیلکەیەدا لەسەر دوکتور قاسملوو بێبەڵگەدواون. بەتایبەتی وتەی یەکیان لەمەر سەردەمی منداڵیی دوکتور قاسملوو کە گوتوویە: دوکتور قاسملوو لە تەمەنی 11 ساڵیدا چووەتە جیهانی سیاسەتەوە و لە تەمەنی پازدە ساڵییدا بەرپرسی یەکێتی لاوانی فیرقەی ئازەربایجان بووە، هەر بۆگاڵتە دەبێ. هەلبژاردنی چەند کەسی لاوەکیی و لاپرەسەن بۆ باس کردن لەسەر ژیانی دوکتور قاسملوو بە مەبەستێکی سیاسیی تایبەتیی بووە. ئەوکەسانە، نە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون کە دوکتور قاسملوویان لە کاردا تاقیکردبێتەوە، نە کاریان لەگەڵ کردبوو. چەند کەسێکی دیکەش کە ناویان بردراوە دۆستی نەبوون بەڵکو نەیاری بوون و پێوەندییان بە کۆماری ئیسلامییەوە شاراوە نەبووە.

زانیاری مامۆستا حەسەنزادە لەسەر ناوەرۆکی پەروەندەی تێرۆرەکان

پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریی کە دەزگای پۆلیسی دادوەریی و دادوەرەکانی بەشی لێکۆڵینەوە کاریان لەسەر کردووە بە زمانی ئاڵمانیی لەبەر دەستی حدکادا بووە. ئەو پەروەندەیە تەژی لە زانیاریی تاڵ و رووداوی ناخۆش و هێندێک جار کردەوەی دزێوی تەژی لەشەرمی کەس و کەسایەتیی کوردە.
زانیارییەکی کە لەلایەن قسەکەری حیزبەوە بەتایبەتی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەوە تا ئیستا لەسەر تێرۆری دوکتور قاسملوو و پیلانگێران و جینایەتکارانی ئەو پەروەندەیە و کارگێرانی یارمەتیدەری دەزگای ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی بڵاو کراوەتەوە، خەیاڵاتی خۆی و زانیاریی قەڵتوبرکردووی دەستکاریکراوی کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران بووە کە دوکتور پێتر پیلچ، مرۆڤی ئازادیخوازی دژی فاشیست، ئەندامی حیزبی کەسکەکانی ئوتریش و پسپۆری دژی تێرۆری ئەو وڵاتە، نووسیویە و نووسەری ئەم بابەتە، لە زمانی ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردیی.
کۆپی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، لەلایەن یای نەسرین قاسملووەوە دراوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەبەردەستی سکرتێری حیزب و دەفتەری سیاسیی و کارگێرانی حیزبدا بووە. دەیان پۆلیسی دادوەریی، دادوەر، سەتان پسپۆر، خیبرە و پۆلیسی

نهێنیی کاریان لەسەر کردووە. لە زۆر شایەت و ئاگادارسەبارەت بە وردترین رووداوو لە کەسانیک کە پێوەندییان بە رووداوەکە،شوێن و کەسانێکەوە کە پچوکترین زانیارییان لەسەر تێرۆریستەکان و هاوکارانی دەزگای جاسووسێی کۆماری ئیسلامیی بووە پرسیار کراوە. ئەو پەروەندەیە ناکرێ وەکو بەسەرهاتی سەتان تێرۆرکراوی ساڵەکانی دوای تێرۆری دوکتور شەرەفکەندیی چاوی لێبکرێ. چونکە کەس نەیزانی ئەو سەتان پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرەی حدکا لە باشووری کوردستان چۆن کوژران، کێ کوشتنی، بەرپرسی ئەو سازمانە تێرۆرپیستییە کێبوو یان کێبوون ؟ ئەو روونکردنەوانەی کە لە دووبەدوویی‌دا لە بەرپرسانی حدکا دەبیسترێ، لەگەڵ بڵاوکراوە ونووسینەکانی مامۆستا حەسەنزادە و تیمەکەی یەک ناگرنەوە. ئەوحیزبە بۆچێ تێکشکێندرا، بۆچی رێگەدرا ئەو پیلانەی کۆماری ئیسلامی سەرکەوێ نەدیارە. ئایا هەموو رێبەرایەتی حیزب لە رەوتی رووداوو و بڕیاردانەکان ئاگاداربوون؟ رێبەڕایەتی حیزب بۆ چێ زەوینەی ئەو کوشتارەی پێک هێنا و سەتان پرسیاری دیکە بێوەڵام ماونەوە. تێرۆری رێبەرانی حیزب و سەتان کەسی دیکەی سەر بەحیزبی دێموکرات بێ هاوکاریی راستەوخۆی جاسووسی رژیمی تێرۆر لە نێو خۆی حیزبی دێموکرات نەلواوە. راپۆرتی بەشی پاراستنی قانوونی ئەساسیی بۆ دادئەستێنی گشتیی ئاڵمان لەمەر ئالوودە بوونی ناوەندی حیزب و گرفتاربوونی لە تۆڕی جاسووسیی کۆماری ئیسلامیی‌دا ئێمە لەو کارەساتە ئاگاداردەکا. تۆڕە جاسووسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئاشکران. ژمارەی ئەو بنکە و دوکان و ماڵانەی لە سلێمانیی خەریکی کاری جاسووسیی بۆ کۆماری ئیسلامین،لە لایەن بەرپرسێکی ئاگای حدکاوە بڵاوکرایەوە کە بووە هۆی توورەیی دەزگای راگەیاندنی ینک.
ئەوەی لە پێوەندیی بە جاسووسەکانی کۆماری ئیسلامیی لە باشووری کوردستان جێگەی باس کردنە، پێوەندیی بە حکومەت و حیزبەسیاسییەکانی باشوورەوە هەیە. ئەوان بڕیاردەرن کە وڵاتەکەیان چۆن بەرێوە بەرن.
یەکێتیی نیشتمانیی رایگەیاندووە و بە نامەێ رەسمیی بۆ رێبەرایەتی حدکای نووسیوە، لە وتووێژی سەرۆکی یەکێتیی‌دا لەگەڵ رۆژنامەڤانان رایگەیاندووە کە خۆی وحیزبەکەی لەگەڵ رژیمی ئێران بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە و ودۆستی ستراتێژیکیی یەکترن. لەورووەوە ینک بەرپرسی پاراستنی ئەمنییەتی ئەندام و لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵات نییە مەگەر ئەو حیزبانە وەکو ینک بچنە نێو ئەو جەغزەوە.
رێبەرایەتی ئەو حیزبانە بەرپرسێ دابینکردنی ژیان و ئەمنییەتی گیانیی ئەندامانی خۆیانن. ئەوانەی کە بۆ ژیانێکی ئاسوودەی جیرەخۆریی، خۆیان کردووەتە بەشێک لە ینک زەوینەی شکست، تێرۆر، ئێعدام و کوشتاری ئەندامانی حیزبەکانی خۆیان پێکهێناوە. لەو پێوەندییەش‌دا رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باری قورسی تاوانی پێکهێنانی زەوینەی تێرۆر و بی‌مەسئولییەتیی و ساتوسەوداکردن بە ژیانی ئەندامەکانی لە ئەستۆیە.
تۆڕی جاسووسیی ئازاد کوری عەلی بالە نزیک بە مامۆستا حەسەنزادە، بەڵگەیەکی قایمە بۆ تێوەگلانی بەشێک لە رێبەرایەتیی حیزب لە تۆڕەتێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی‌دا.
بروانە وتاری " بۆ مێژوو ، گەڕانەوە بۆ ناوناخی هەندێک وشەو هەڵوێست. (کوردستان پرێس

10.03.2006– نووسینی قەرەنی قادری)" هەروەها ئێعدامی چوار پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو ناوانە:
1- مەنسور فەتتاحیی ئەندامی رێبەرایەتی2- سەید مەنسور ناسریی،ئەندامی رێبەرایەتی3- ئەبوبەکر ئیسماعیلزادە، ئەندامی رێبەرایەتیی4- رەفعەت حوسێنیی، لەبنکەی تەفتیشی کۆیە بە دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. کوردستان ئۆرگانی حیزب ژمارە 252 سەرماوەزی1376 و قبووڵنەکردنی پێشنیاری سەرۆکی ینک بۆ لێکۆڵینەوە و پێکهێنانی هەیئەتێکی هاوبەش بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن مامۆستا حەسەنزادەوە. گیانی کوڕی هەژاری کورد، مفتە و هیچی تێناچێ. گوولله و باروتی بایزئاغایە و شەق لە کەنداڵیی. بڕوانە " کوردستان ژمارە 252 دسامبر 1997. مامۆستا حەسەنزادە لە باس لەمەڕ ئەو تێرۆڕەدا دەڵێ:
"در عین حال از اتحادیه میهنی ... در منطقه میخواهیم پیرامون این حادثه به مردم کوردستان توضیح بدهد و عاملان ترور چهارتن از مبارزان دمکرات در مدخل شهر کو یسنجق را که در کسوت پیشمرگان این حزب دست به این جنایت ننگین زده‌اند به مجازات برسند. مامۆستا حەسەنزادە لە رێورەسمی پرسەدا یەک حەوتووی کات بە تاڵەبانی دابوو کە داواکەی بەجێ بێنی. بەلام پاش تێپەڕینی 10 سال و چەند مانگ لەو هەڕەشەیەی مامۆستا هێشتا ئەو حەوت رۆژە مۆڵەتە تەواو نەبووە. به مردم کوردستان توضیح دهد یانی چێ؟!! مامۆستا دەیزانی ئەگەر وەدوای بکەون هەموو شت ئاشکرا دەبێ. لەبەر ئەوە " مامۆستا" توضیح نمیخواهد" به مردم توضیح بدهد!!؟. پەروەندەکەی د. قاسملووش هەر بەو چارە نووسە گرفتار بوو.

ناراستیی لە راگواستنی ناوەرۆکی فاکتەکاندا

مامۆستا حەسەنزادە لەو لێکۆڵینەوە سیاسیی -- مێژوویییەیدا لە زمانی" پیتر پیلچ" ەوە، نووسەری کتێبی "ئیسکۆرت بەرەو تاران " دەنووسێ:
" _دوکتور قاسملوو خوازیاری خۆبەدەستەوەدان و چوونەوە بۆ لای رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە کاری سیاسیی لە نێوخۆی وڵات بوو"._
بە ئیددیعای مامۆستاحەسەنزادە، د.قاسملوو بۆیە تێرۆڕکراوە چونکە ویستوویەتی خۆی بەدەستەوە بدا. گوایە ئەوە ئیددیعایە وتەی پیتر پیلچ نووسەری کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران بووە. بەڵام ئەوە وتەی پیتێر پیلچ نەبووە بەڵکو هەڵبەستێکی مامۆستا حەسەنزادەیە. ناوبراو بۆ ئەوە دەوری سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی لە پێکهێنانی زەوینە رێکخستنی وتووێژ لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی حاشا لێبکا، سەرتاپای وتەکەی پیترپیلچی گۆڕیوە. پیلچ لە کتێبەکەیدا نووسیویە:"

پاش کارەساتی هەڵەبجە سەرەنجام بۆ هێندێک لە ڕێبەرانی کورد دەرکەوت کە چ چاوەڕوانییەکیان لە سەدام هەبێ. وەزعەکە زۆر مەترسیدارتر دەبێ، سەدام دێ و قڕمان دەکا. ئێمە بۆ ئەو جڕوجانەوەرین(٧٥).

چەند مانگ دواتر تاڵەبانی دوو ڕێگەی بەدی کرد. دووپات کردنەوەی ١٩٧٥ و بەربەستکردنی کارەساتی هەڵەبجەیەکی دیکە. کوردان یەک ڕێگەیان وەبەر چاو کەوت یان لەگەڵ سەدام ڕێک کەون -یان ڕێککەوتنێک لە نێوان ڕژێمی تاران و کوردەکانی ئێران. تاڵەبانی پاش بەکارهێنانی کازی کیمیایی هەڵەبجە و کۆمەڵ کوژی ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حزبی بەعسی حاکم بەسەر عێراقدا بەدی نەدەکرد. بەپێچەوانەی عێراق، ڕژێمی ئێران ئامادەی سازان بوو. ئێران بەهۆی شەڕی کەنداوەوە لاواز و بەهۆی پشێویی سیاسیی نێوخۆیی داماو ببوو. ڕەفسەنجانی کە دواتر بوو بەسەرۆک کۆمار، هەوڵی دا لەگەڵ دژبەرەکانی ڕێک بکەوێ.

تاڵەبانی ڕەفسەنجانی هان دا کە لەگەڵ کوردی ئێران ڕێک بکەوێ. تاڵەبانی پێشنیاری کرد لەگەڵ عەبدوڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتوویژ بکرێ. ڕەفسەنجانی پێخۆشحاڵی نیشان دا.

تاڵەبانی ئەو هەلەی قۆزتەوە و قاسملووی ئامۆژگاری کرد کە لەگەڵ تاران بکەوێتە وتوویژەوە. قاسملوو بەساڵان لە ڕێگەیەک دەگەڕا کە شەڕی نێوخۆیی لە کوردستانی ئێران کۆتایی پێ بهێنێ. پێشمەرگەکانی ح.د.ک. لە کاتی شەڕی کەنداودا هەوڵیان دا بەشێک لە وڵات بەهێزی نیزامی ڕزگار بکەن.

وەکو دەبینن بە وتەی پێتێر پیلچ، ئەوە تاڵەبانییە کە دەبێ بۆ مانەوەی خۆیو دووپاتنەکردنەوەی کارەساتی 1975 و بەربەستکردنی کارەساتی هەڵەبجەیەکی دیکە، بیر لە ڕێککەوتنێک بکاتەوە و لە نێوان سەددام و ئێرانییەکان یەکیان هەڵبژێرێ. بە وتەی پیلچ تاڵەبانی ئێرانی هەڵبژارد، چونکە سەددام بۆ سازش کردن نەدەبوو. لەبەر ئەوە تاڵەبانی ڕەفسەنجانی هاندا کە لەگەڵ کوردی ئێران ڕێک بکەوێ. سەرۆک تاڵەبانی بە ڕەفسەنجانی پێشنیار کرد کە لەگەڵ د. عەبدوڕرەحمانی قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی ئێران وتووێژ بکا. ڕەفسەنجانی پێخۆشحاڵیی خۆی نیشاندا. تاڵەبانی ئەو هەلەی قۆزتەوە و قاسملووی ئامۆژگاریی کرد لەگەڵ تاران وتووێژ بکا. ئەوەبوو ڕاستیی مەسەلەکە. وتووێژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ڕژیمی خومەینی – ڕەفسەنجانی بە پێچەوانەی وتە مۆنتاژکراوەکەی

مامۆستا حەسەنزادە، لەبەر ئەوە نەبوو کە قاسملوو لەشەر لەگەڵ ئاخوندەکاندا بەچۆکداهاتبوو، بەلکو راست بۆ رزگارکردنی جەلالتاڵەبانی و بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان لە خاشەبڕکردن بە دەستی صدام بوو. لەراستیدا هەردوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، د. قاسملووو د. شەڕەفکەندیی لە پێناوی مانەوەی حیزبەسیاسییەکانی باشوور گیانیان بەخشی.

ئەو بوختانە کە مامۆستا حەسەنزادە لە زمانی" پیترپیلچ"ەوە بۆ دوکتور قاسملووی هەڵبەستووە، لە راستیی بەدوورە.

مامۆستا حەسەنزادە پێیوانییە بۆ سەلماندنی ئیددیعاکەی ژیربێژی ( منطق) پێویستە. تۆبڵێی ئەم هەموو ئاخوندە کە " لەگەڵ خوا لەپێوەندییدان و بە ئیمامەوە گرێدراون" هەزارو ئەوەندە ساڵە بە رەنجی شانی هەژاران دەژین، ئەوەندە نەزان و گەمژەن کە پاروو بە پشتی ملیاندا لە زاریان بگوشن؟

د. قاسملوو ئەگەر وەکو مامۆستا حەسەنزادە و تیمەکەی چۆکی دادابا و ژێردەستیی ئاخوونەکانی قبووڵ کردبایە، نەیاندەکوشت، بەلکوو بۆ نیشاندانی بەرهەق بوونی نیزامی ئاخوندیی، فەرشی سووریان بۆ رادەخست.

بۆ لەداوخستن و کوشتنی د.قاسملووو دوکتور شەرەفکەندیی دەبوو بەساڵان بەرنامە دارێژرێ و بە میلیارد خەرج بکرێ، 16 وەزارەتخانەی کۆماری ئیسلامیی بۆ ئەو پیلانە کاربکا، سیستمێکی جاسووسیی لە ئەندامانی حیزبێکی سیاسیی و کەسایەتی بەناوودەنگی نێونەتەوەیی رێکبخرێ بۆ ئەوە لەڤییەن وبرلین ئەو دووکەسایەتییە سیاسییەی کورد تێرۆڕ بکرێن. ( پەروەندەی میکۆنۆس)

بەراست وتووێژی دوکتور قاسملوو کۆماری ئیسلامیی ئەو جۆرە کە مامۆستا حەسەنزادە ئیددیعای کردووە بۆ "خۆبەدەستەوەدان" بوو؟ واقعییەت و بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە د.قاسملوو و جێنشینەکەی دەبوو نەمێنن بۆ ئەوە تیمێکی خۆبەدەستەوەدەر جێگەیان بگرێتەوە کە هەلومەرجی تواندنەوەی ئەو حیزبە ئامادەبکا. مامۆستا حەسەنزادە و تیمە سیاسییەکەی ئەو دەرفەتەی بۆ کۆماری ئیسلامیی رەخساند.

لە لێکۆڵینەوەکەی مامۆستادا دەبوو دوکتور قاسملوو بە خۆبەدەستەوەدەر پێناسە بکرێ بۆ ئەوە زەوینەیەک بۆ دیفاع لە سیاسەتی تواندنەوەی حدکا و ئاشبەتاڵەکەی 1996/8/4 مامۆستا حەسەنزادە و تیمەکەی پێک بێ.

مامۆستا حەسەنزادە بەتەنیا بەرپرسی تواندنەوەی حیزب و ئاشبەتاڵەکەی نییە، بەڵکو تیمەکەشی بەرپرسە. لەو پرۆسەیەدا، بێئیرادەیی و نەزانیی سیاسیی، خووخدەی خۆبەدەستەوەدەرانە ، هۆی سەرەکیی توناکردنی حیزبی دێموکرات بووە. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کارەساتە بەو وتارە کۆتایی نایە.

درێژەی هەیە.

5 سێپتامبری 2008